هەژارانی هەولێر تاکە ڕۆژێکیان هەیە

"کەرەستەی سوپەر مارکیتەکان لەسەر زەوی هەڕاج دەکرێت"

قادر ئیسماعیل–هەولێر

خەڵکی مام ناوەند وهەژاری هەولێر چاوەڕوانی ئێورانی هەینی دەکەن بۆ ئەوەی بڕۆن کەرەستەی پێویستی خۆیان لەو کاسباکارانە بکڕن کە شت هەڕاج دەکەن لە بەرامبەر بازاری "نیشتیمان، فروشیاران ڕەخنە لە حکومەت دەگرن کە شوینی باشی بۆ یان دابین نەکردووە پاش ڕوخاندنی دەڵاڵخانە وکۆمپانیای شەرقولئەوسەت پارەیەکی زۆری لێان دەوەی بەرامبەر شوێنیکی پەراوێز خراو.

لە نێو دەنگە دەنگ فرۆشیارەکان ومامەڵە کردنی کڕیارەکان دیمەنی سەرجەم کەرەستەکانی لەبەر کردنی پیاوان ومنداڵان وئافرەتان ورازاندنەوە وکەرەستەی ماڵ وچیشتخانە وئەوەی تۆ ئارەزووی دەکەی لەوێدا هەیە.

ئاراز ڕەحیم دەڵێت:" سەری هار ومار لێرە دەست دەکەوی وخەڵکی پەرۆشە پێداویستیەکانی خۆی بکرێت چونکە هەرزانترە لە بازار".

کەریم جاسم کە خەریکی فرۆشتنی جلوبەرگ بوو ئاماژەی بەوەدا کە تەنها ڕۆژانی هەینی لەو شوێنە شت دەفرۆشن وئەگەر بەیانی بێت تەنها بۆت هەیە بە پیاسە تێپەر ببیت.

کەریمی ٣٠ ساڵ زیاتر دەڵێت:" ئێمە جاران لە دەڵاڵخانە شتمان دەفرۆشت وئێمەیان گواستەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە ناو بازاری نیشتیمان کە کەس تێدا تێپەڕ نابێت ودەبوایە ١٠٠٠ دۆلار بدەیت بە مێزەکە کە لەلایەن کۆمپانیای شەرقولئەوسەت دیاری کراوە ونازانین ئەو کۆمپانیایە هی حکومەتە یان کەسی تر وهەموو مانگێک ١٠٠ دۆلار کرێ دەدەیت وئەو شوینەی ئەوان دابینیان کردووە زۆر دوورە وکەس نایگاتێ".

ئەحمەد کابرایەکی دیکەیە ڕونی کردەوە خێزان دارم وخاوەنی سێ منداڵم وهەموو کاسبی من لە مانگێکدا تەنها ڕۆژانی هەینیە .ئاری خویندکارە وتەنها بە هاوین کار دەکات بەدەم جگەرە کێشان وبەحەسرەتێکەوە وتی:"من ڕۆژانی هەینی لێرە شت دەفرۆشم وئەوەی پەیدای دەکەم لە کاتی دەوام کردندا سەرفی دەکەم".

سەبارەت بەوەی ڕۆژانی هەینی ئەو شەقامە زۆر پیس دەکرێ لە لایەن فرۆشیارەکانەوە حوسین عەزیز وتی:" ئەو هەموو پارەی بۆیان دێت چی لێدەکەن با بیدەنە دوو کریکاری هەژار ئێرەی پێ پاک بکاتەوە ئەو ١٧% بۆ ئەوان دێت هی میللەتە وکەچی میللەت هەر لە نەهامەتیدایە .

حوسین بەرەخنەکەی ئێمە زۆر دڵتەنگ بوو وبە تورەیەکەوە وتی:"ئێمە تەنها ڕۆژانی هەینی دێن بۆ ئێرە ودوور نیە ئەگەر ڕۆژانی دیکە بین بۆ ئێرە بمانکوژن!! وناهێڵن.حوسین کە گورەوی و فانیلە وشۆرتی دەفرۆشت ڕونیشی کردەوە من خاوەنی ٩ سەر خێزانم بۆیە کار کردن تەنها چوار ڕۆژ لە مانگێکدا دەریناهێنێ بۆیە لە کۆتایی ئەم شەقامە بە ئێواران لە ڕۆژانی دیکەدا ماوەیەکی کەم شتەکانمان دادەنێن بۆیە بژی ومەمرە دەیبەین بە ڕێوە وئەو شوینەی حکومەت دیاری کردووە چۆڵە وخەڵکی نایەت بۆ ئەوەی . کارزان کە گەنجیکی کریارە سەبارەت بەوەی هەراج لە دوکانەکان هەرزانترە وتی:" هەر تۆزێک خیری تێدا بێت دەیفرۆشن بەڵام دوکاندار کرێ دوکان وزەریبە وکرێ ئاو وکارەبا وچەندین شتی تر دەدات بۆیە گرانە لە لای ئەوان . کەریم فرۆشیارێکی دیکەیە وزۆر تورەیە لە هەڵوێستی شارەوانی هەولێر ئاماژەی بەوەدا

کە ناهێڵن لەباخی خانەنشینان نوێژ بکەن وئاوێکی تێدا بخونەوە ئەی چۆن دێن کێشەکەمان چارەسەر دەکەن وتیشتی:" چوینەتە لای شارەوانی کەچی دەڵی لەلای پارێزگارە ومن هەقم نیە وئەو شوێنەی ئەوان دابینیان کردبوو هەندێکی بە کەڵک نایەت وهەندێکی دوورە" مەندو کە گەنجێکی وریایە ڕونی کردەوە ئێمە تەنها ئێوارانی هەینی بە بێ ترس شت دەفرۆشین چونکە شارەوانی وپۆلیس ناهێڵن وبە پێکەنینەوە وتی:" ڕۆژانی هەینی بەشێکیان دێن شتمان لێدەکڕن چونکە لە لای ئێمە هەرزانترە وهەمان شتی سوپەر مارکێتەکانە ". سەبارەت بە هۆکاری هەرزانی نرخەکانیان بەرامبەر بازار ومارکێتەکان مەندو ئاماژەی بەوەدا خاوەنی سوپەر مارکێتەکان لە کات سەرف نەبوونی کەرەستەکانیان شتەکانیان دەدەن بە ئێمە بە نیوە قیمەت بۆیە دەبینی شتی ئێمە هەرزانترە.

هێرش گەنجێکی دیکەیە کە پیلاوی ئافرەتانەی دەفرۆشت ولەکەلەی سەر هاواری دەکرد بە ٣ هەزار وتی:" تاکو ئیستا چەندین جار شتم گیراوە بەڵام بۆ پاشتر بە پێدانی ١٠ هەزار دینار باج ئازادیان کردووە ، هێرش ئاماژەی بە وەدا کە باوکی کار ناکات وتەنها خۆی ودوو برای خێزانێکی ١١ کەسی بە خێو دەکەن . هەر لە گەڵ ئاوا بوونی خۆر سەرجەم شەقامەکە بە لایلون ومەقەبای بەتاڵ داپوشرابوو بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا لە لایەن پاکەرەوەکانی کۆمپانیای جەنائن لە جاران پاکتر کران وچاوەڕوانی هەینی داهاتوو بن.

"سەری هار ومار لێرە دەست دەکەوی"

هۆکارەکەی نەبوونی خزمەتگوزاریە

ماڵە کوردەکانی ناحیەی قەرەتەپە و دەوربەری، ماڵەکانیان دەگوێزنەوە بۆ قەزاو ناحیەکانی گەرمیان

زەنگ–قەرەتەپە– هەردی جەمال

ماڵە کوردەکانی ناحیەی قەرەتەپە وگوندەکانی دەوروبەری بەهۆی ئەوەی کەمترین خزمەت گوزاری بۆ ناوچەکەیان ئەنجامدراوە کۆچ دەکەن بۆ قەزاوناحیەکانی گەرمیان.

نایب خلیفە خلیل بەرپرسی کۆمیتەی ناحیەی قەرەتەپە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد ڕێژەی کورد لەناحیەی قەرەتەپە ودەوربەری ئێستا ڕووی لەکەمبوون کردووە نزیکەی ٥٠٠ ماڵ لەسنورەکە ئێستا نیشتەجێیە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ماڵەکوردەکان کۆچ دەکەن بۆ جێگاکانی تر وهۆکارەکەشی بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە چ لەلایەن حکومەتی عێراق و چە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کورستان وەکو پێویست پرۆژەی خزمەتگوزرایان پێنەگەیشتووە وتیشی:" لە گوندە عەرەب نشینەکانی سنوری ناحیەی قەرەتەپە کەمترین پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجام دراوە بەڵکو گوندە کوردیەکان هیچی بۆ نەکراوە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەناحیەی قەرەتەپە وتی:" لە پێش پرۆسەی ئازادی عێراق ڕێژەی کورد لە سنوری ناحیەی قەرەتەپە زیاتر بوو لەئێستا و هۆکارەکەشی بۆ نەکردنی پرۆژەی خزمەت گوزاری دەگەڕێتەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، ئەو ماڵە کوردانە کەسنورەکە ئێستا بەجێدەهێڵن دەڕۆنە قەزاو ناحیەکانی گەرمیان و لەوێ نیشتەجێدەبن و ڕێژەی کۆچ کردنی کوردەکانی سنورەکە ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەزیاد بوون دایە وهۆکارەکەشی بۆ نەکردنی پرۆژەوی خزمەتگوزاری دەگەڕێتەوە".

www.zengkurd.net
بەم زووانە..
مەڵۆ بە مەڵۆ.. خەرمان بەرەکەت
گۆڤاری
مەڵۆ
تا زەتر بخوێنەوە زیاتر بزانیت..
سیاسی، کەلتوری، هەمەڕەنگ
هەموو (٢٠)ی مانگێک

لەخورماتوو زۆربەی ئەو خۆراکانەی کە دەستی بەسەردا دەگیرێت تورکیە

بەرپرسی چاودێری تەندروستی لەخورماتوو: ئاوی مەشروعی خورماتوو دەپاڵێوین

فاتیح ئەحمەد خوابەخش

زەنگ– خورماتوو– هیشام عبدوالکریم

چاودێری تەندروستی فەرمانگەی ڕاپەرین لەخورماتوو جگە لەوەی ئاوی مەشروعی خورماتوو دەپاڵێون، چاودێری خوردەمەنی بەسەرچووی بازاریش دەکەن ولەمانگێکدا ٦٠٠ بۆ ٧٠٠ کیلۆ خۆراکی بەسەراچوو دەستی بەسەر دەگیرێت.

فاتیح ئەحمەد خوابەخش بەرپرسی چاودێری تەندروستی فەرمانگەی تەندروستی ڕاپەرین لە خورماتوو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد ئێمە وەکو چاودێری تەندروستی کارەکانمان تەنها لەوەدا خۆی نادۆزێتەوە بەدوای خواردنی بەسەراچووەکاندا بگەڕێین ، بەڵکو چاودێری ئاوی پرۆژەی خورماتوو دەکەین بۆ پاککردنی ئاوەکە و بەکارهێنانی بۆ خواردن، ئەوەش بە ئامێری کلۆر و فیلتەری حەوزەکانی پرۆژەکە.کە ڕۆژانە نزیکەی چوار بەش ملیۆن فرێدە دەینە ناو ئاوەکەوە بۆ ئەوەی بۆ خواردنەوە بەکاربێت. کارێکی تری تیمی چاودێریمان سەردانی چێشتخانەکان دەکات بۆ ئەوەی پاک و خاوێن بن ئەوەش لەمانگێکدا دوو تا سێ جار سەردانییان دەکەین.

ئەو بەرپرسی چاودێریە وتیشی:" زۆر جار لە سەرچاوەکانی خۆمانەوە زانیاریمان بۆ دێت لەسەر بوونی خواردن وخواردنەوەی بەسەرا چوو لەبازاری خورماتوو ، کە هی وایان تێدا هەیە زۆر تێکچووە و تەنانەت لە شێوەی هەڵگردنەکەی بەهەڵە لە جێگایەکی گەرم دادەنرێت ئەوکات مادەکە تێک دەچێت و مەرجەکانی تەندروستی تێدا نامێنێت و زۆر لە نەخۆشییەکانی سکچوون و ڕشانەوە و سک ئێشە لە نەخۆشخانەکان هاوڵاتیان توشی دەبن".

باسی لەوەکرد لەهەر مانگێکدا زیاد لە ٦٠٠ تا ٧٠٠ کیلۆ مادەی بەسەراچوو دەستی بەسەرا دەگیرێت لە قەزای خورماتوو وتیشی:" ئەو خۆراکە بەسەرچووانە خۆی لە گۆشتی مریشک بە هەموو جۆرەکانی و گۆشتی ماسی و شیر و پەنێر و چپس و ساردەمەنی هتد... ئەم هەڵمەتانەش بەهاوبەشی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی خورماتوو و یاریدەدەرێتی ئاسایشی خورماتوو ئەنجام دەدرێت".

ئاماژەی بۆ ئەوەکرد لەلایەن تیمەکەیانەوە لە جێگایەکی تایبەت لە دەرەوەی شار دەسوتێنرێت،خواردنەکانیش زۆربەی تورکین ودواتر ئێرانی و سوری.

بەرهەمی جوتیاران ئەمساڵ دوو ئەوەندەی ساڵی پار زیادی کردووە

زەنگ–کفری

هەژار غازی سالار بەرێوەبەری کشتوکاڵی کفری ئەوەی ڕاگەیاند ئەمساڵ بەرهەمی جوتیاران لە ڕووی گەنم و جۆوە دوو ئەوەندەی ساڵی پار زیادی کردووە.

ئەو ئاماژەیشی بۆ ئەوە کرد کە تا ئێستا بڕی ١٧٥٠ تەن گەنمیان لە جوتیاران وەرگرتووە تا دێتیش ئەم ڕێژەیە زۆر دەبێتەوە، جگە لەو ژمارەیەش ڕێژەیەکی تریش ڕەوانەی سایلۆی خورماتوو کراوە.

بەرێوەبەری کشتوکاڵی کفری باسی لەوەشکرد کە بەرێوەبەرایەتیەکەیان ئەمساڵ بە بڕی (٥٠٠) هەزار دینار بۆ یەک تەن بەو جوتیارانە فرۆشتووە ئێستاش بەبڕی (٨٥٠) هەزار دینار لێیانی وەردەگرنەوە.جێگای وتنە ساڵی پار بەهۆی وشکە ساڵییەوە ناوچەکانی گەرمیان لە ڕووی گەنم جۆوە ئەم ڕێژەییە بە خۆوە نەبینی.

ناوبراو لەبارەی هۆکاری زیادبوونی بەرهەمی دانەوێڵەوە وتی:"ساڵی پار تەنها ١٠٣ ملم باران لە کفری و دەوروبەری باریوە، بەڵام ئەمساڵ ٢٣٨ ملم باران بارین لە ناوچەکە تۆمار کراوە".

جێی ئاماژەیە ساڵی داهاتوو ئەو ڕێژەی دانەوێڵەیە بە نرخێکی کەمتر بە جوتیاران دەفرۆشرێتەوە.

نووسینگەی سەرەکی: کفری-بینای کۆنی کتێبخانەی گشتی (تەلەفۆن: ٠٧٤٨٠٢٢٢٦٦) نووسینگەی کەلار: ناو بازاڕ-بینای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان (مۆبایل: ٠٧٧٠١٩٩٣٨٢٤).. لە چاپخانەی کەمال لە سلێمانی چاپ دەکرێت
ڕاوێژکاری پەروەردەیی: عەلی حسێن ساڵح ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی: شکور حەمەی هەیەر نووسینگەی کەلار: شەیما جەمال-بڕیار محەمەد